# ئەمڕۆ سەربازە ئەمەریکییەکان لەشارەکان دەچنە دەر



■ ئا: لاپەڕەی عێراق

ئەمڕۆ ١٣١ هەزار سەربازی ئەمەریکا دەچنە دەرەوەی شارە عێراقییەکانو لەجێگایاندا ٧٥٠ هەزار پۆلیسو سەربازی عێراقی پاراستنی ئاسایشی شارو شەقامەکانو سەرسنورەکان دەگرنە دەست، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا دانوستانی باڵی عیزەت دوریو ئەمەریکا لەعەممانی پایتەختی ئوردن ئاشکرادەبێتو لەئێستادا ناکۆکیی نێو بەعسییەکان دانوستانەکە تێکدەدات.

بەپێی ئەو ڕێککەوتننامە دووقۆڵییە ئەمنیو ستراتیژییە درێژخایەنەی کە مانگی ٢٠٠٨/١١ لەنێوان عێراقو ئەمەریکا ئیمزاکرا، لەمڕۆوە ٦/٣٠ هێزەکانی ئەمەریکا دەکشێنەوە لەشارەکانو لەساڵی ٢٠١١دا بەیەکجاری دەست بەپاشەکشەکردن دەکەن لەعێراق. بەپێی ئامارێکیش کە ئاژانسی ئەی ئێف پی بڵاویکردۆتەوە، ئەو هێزە عێراقییانەی جێگای سوپای ئەمەریکا دەگرنەوە لەشارەکان تائێستا ٥٠٠ هەزار پۆلیسو ٢٠٠ ـ ٢٥٠ هەزار سەربازن. حکومەتی عێراقیش دانی ناوە بەوەی گرنگترین ئەو شارانەی مەترسیی هەیە کە کشانەوەی ئەمەریکا ببێتەهۆی دروستکردنی بشێویو نائارامیی تێیاندا شارەکانی بەغداو موسڵن. لەدوای کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لەشارەکان، سەنتەرێکی هاوبەش پەیوەندیو تەنسیقی نێوان سوپای عێراقو ئەمەریکا ڕێکدەخات. بارەگای ئەم سەنتەرە لەنێو وەزارەتی بەرگریی عێراقدایە لەبەغداو دەسەڵاتی ئەوەی هەیە مۆڵەت بداتە لەشکری ئەمەریکا جموجوڵ لەنێو شارەکانی عێراق بکەن. بەپێی ڕاگەیاندنێکی وەزارەتی بەرگری عێراق، ئامانجی کردنەوەی سەنتەرەکە "هاوئاهەنگیی‌و کورتکردنەوەی کاتو ڕێگرتنە لەپێکدادان".

بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوان وەزارەتی بەرگرییو ناوخۆی عێراقیشدا پۆلیس یەکلایەنە لە ٧ پارێزگا سەرۆکاری دۆسییەی ئەمنیی دەکاتو لە٨ پارێزگاش بەهاوکاریی سوپا جڵەوی کاروباری ئەمنیی دەگرێتە دەست، کە بریتین لە: بەغدا، ئەنبار، دیالە، کەرکوک، نەینەوا، سەلاحەدین (تکریت)، کەربەلا، بەسرە. جگە لەپارێزگاریکردنی شارەکان، لەسبەینێوە سوپای عێراق ئەرکی پاراستنی ٣ هەزارو ٦٠٠ کیلۆمەتر دەشتو شاخی سەر سنورەکانی ئەم وڵاتەی دەکەوێتە ئەستۆ کە تاهەنووکە ٧٠٠ خاڵی چاودێرییو پشکنینی تێدا دامەزراندوەو لەئێستادا بەری سوریای سەرسنوری عێراق کەمێک ئارامەو پێشبینی دەکرێت لەناوەڕاستی ٢٠١٠شدا بەری ئێرانی سەرسنور بەتەواوی کۆنترۆڵو قایم بکرێت. لەلێدوانێکیشدا بۆ ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسیی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران، ڕایگەیاندوە لەدوای ئەمڕۆ ٦/٣٠، عێراق داوا لەسوپای ئەمەریکا ناکات شەڕبکەن لەشارەکانو بەشداربن لەپاراستنی ئاسایش، تەنها شتێک کە عێراق پێویستی پێی بێت گواستنەوەی سەربازەکانییەتی لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر، چونکە تائێستا عێراق فڕۆکەو کۆپتەری نییەو مالیکی دەڵێت "لەداهاتودا تەیارەو کۆپتەر لەفەرەنساو ئەمەریکا دەکڕین بۆ ئەوەی پێویستمان بەوەش نەبێت". هاوکات لەگەڵ کشانەوەی سوپای ئەمەریکادا لەشارە عێراقییەکان، سوپای ئەمەریکا دەستیکردووە بەدانوستان لەگەڵ باڵی عیزەت دوریو محەمەد یونس لەتکریتو عەممان. لەمبارەیەوە چەند سەرچاوەیەکی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەبەغدا ئاشکرایانکردووە، زۆرێکی عەمەلیاتی بچوک کە لەنوێنەری باڵیۆزخانەی ئەمەریکاو دەزگای CIAو لایەنە پەیوەندیدارەکانیتر پێکهاتون، لەمانگی نیسانی ڕابردووەوە لەتکریت یەکەم خولی دانوستانیان لەگەڵ باڵی عیزەت دوری حیزبی بەعسو باڵی محەمەد یونسدا بەئەنجام گەیاندوەو لەم خولەی دانوستاندا یەکێک لەیاریدەدەرەکانی عیزەت دوری لەبری ناوبراو بەشدارییکردوە. بەقسەی سەرچاوە ئەمەریکییەکان، ئەم دانوستانانەی کە لەتکریت بەڕێوەچوە، بۆتە سەرەتاو دەسپێکی کۆمەڵێک دیدارو دانوستانیتری نێوان یاریدەدەرەکانی عیزەت دوریو بەرپرسانی دەزگای موخابەراتی ئەمەریکا لەعەممانی پایتەختی ئوردون.

لەمیانەی دانوستانەکاندا باڵی عیزەت دوری "ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بەعسییە پیاوکوژو تاوانبارەکان ڕادەستی ئەمەریکا بکەن، بەرانبەر بەهەموارکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق بەجۆرێک کە ڕێگا بەبەشداریکردنی بەعسییەکان لەپرۆسەی سیاسیی بدات". هەروەها یاریدەدەرەکەی

## عیزەت دوری داوای بەشدارکردنی بەعسییەکان لەحکومەتی عێراق لەئەمەریکا دەکات

عیزەت دوری لەمیانەی دانوستانەکانی عەممان‌دا، بەناوی باڵەکەیانەوە داوای هەڵوەشاندنەوەی یاسای لێپرسینەوەو دادەرگەرییو خەرجکردنی موچەو دەرماڵەی فەسڵکراوە بەعسییەکانی ساڵانی ڕابردوویکردوە لەگەڵ ڕاگرتنی ڕاوەدونانی ئەو ناوانەی لەلیستە ٥٥ییەکەی ئەمەریکادا هەیە.

بەپێی سەرچاوەکان بەرانبەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان بەعسییەکان گفتی بەشداریکردن لەپرۆسەی سیاسییو دان نان بەدەستاودەستکردنی دەسەڵاتیان کردوە لەعێراق بەپێی پێوەرە دیموکراسییەکان، بەجۆرێک گونجاوبێت لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەعێراقو ناوچەکە. لەلای خۆشییەوە ئەبو ویسام جەشعەمی، کە یەک لەسەرکردەکانی بەعسە لەناوخۆی عێراق، بە ئەلحەیاتی ڕاگەیاندووە، ناکۆکییەکانی نێو باڵی عیزەت دوری، کاریکردۆتە سەر ڕاگرتنی خولی دانوستانەکانو سەرانی پلە دوی بەعسی ناوخۆی وڵات، ڕادەستکردنی هاوڕێ بەعسییەکانیان بەسوپای ئەمەریکاو داواکاریی ڕاگرتنی شوێن پێ هەڵگرتنی لیستە ٥٥ کەسییەکە، بە "سازشکردنو تەماعکاریی گەڕانەوە بۆ دەسەڵات لەسەر حسابی خەباتو خوێنو کەسایەتی بەعسییەکان" دەدەنەقەڵەمو ئەمەش بۆتە هۆی پەککەوتنی دانوستانەکان. لەهەنگاوێکیشدا کە چاودێران بەکاردانەوەی ئەم هەنگاوە دەیدەنە قەڵەم، نوری مالیکی، هەفتەی ڕابردوو، کارکردنی بەهەڵاوردەکانی دەستەی نیشتمانی لێپرسینەوەو دادگەریی (ڕیشەکێشکردنی بەعس) ڕاگرت، کە ئەو بەرپرسانە بەعسییانە دەگێڕێتەوە سەرکارو لەسزا هەڵاواردەیان دەکات کە بەهۆی بەرزیی پۆستەکەیانەوە لەنێو حیزبی بەعسی ڕوخاو لابراون. بەرانبەر بەمەش بڕیارە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لێپرسینەوە لەسەر ئەم دۆسییە بکات، چونکە دەستەی نیشتمانی دادگەریی سەربەخۆیەو بەپێی یاسا دەبێت حکومەت مل بۆ حوکمو بڕیارەکانی کەچ بکات.




# حەریری.. ٢٠٠٥ بەخوێنی باوکیو ٢٠٠٩ بەلێهاتوویی خۆی بو بەسەرۆک وەزیران

■ ئا: ئاوێنە

ئەوکاتەی چەکدارەکانی حیزبوڵڵا، لە٧ ئایاری پارساڵدا کۆنترۆڵی یەک بەیەکی کوچەو کۆڵانەکانی بەیروتی پایتەختی لوبنانیان کردو ماڵەکەی سەعد حەریرییان لەقرەیتمی ڕۆژئاوای ئەمشارە دایە بەرگوللە هاوەن، هەموو لایەک پێیانوابوو، پرۆژەی دەوڵەت لەم وڵاتە دڵڕفێنە لەبەردەم گەردەلوولدایەو جارێکیتر ئاستەمە لوبنان بتوانێت وەک دەوڵەت لەسەرپێی خۆی ڕاوەستێت. بەڵام بەپێچەوانەوە.. وا خەریکە هەڵبژاردنەکەی سەرەتای ئەم مانگە ئەم وڵاتە بەرەو ئۆقرەییو ئارامییەکی بێ پێشینە لەچاو ساڵانی ڕابردوودا دەبات.

لەم هەڵبژاردنەدا کە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٧ بەڕێوەچوو، بەرەی ١٤ ی ئازاری سەعد حەریریو هاوپەیمانەکانی کە میسرو سعودیە پشتیوانییان لێدەکات، ٧١ کورسییان بەدەستهێنا بەرانبەر بە ٥٧ی بەرەی ٨ی ئازار، کە حیزبوڵڵاو ئەمەل سەرۆکاریی دەکەنو داکۆکیی لەسوریاو ئێران دەکات. دوابەدوای هەڵبژاردنەکەش خێرا حیزبوڵڵا دانی بەئەنجامەکاندا نا. کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، سەعد حەریریو ڕەوتەکەی (موستەقبەل)و زۆرێک لەهاوپەیمانەکانیتری دەنگیان بۆ سەرۆکایەتیی نەبیە بری سەرۆکی بزووتنەوەی ئەمەلی شیعە، بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بۆ جاری پێنجەمدا. لەبەرانبەر ئەم "جوامێری"یەی لایەنەکانی ١٤ی ئازاردا، بزوتنەوەی ئەمەلو هەندێکیتر لەلایەنەکانی ٨ی ئازار، سەعد حەریری کوڕی سەرۆک وەزیرانی تیرۆرکراو، ڕەفیق حەریرییان بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەت ناونا، بەمەش شاخی سەهۆڵی نێوان ئەم دووبەرە کێبەرکێکارە دەستیکرد بەتوانەوەو بەم هەنگاوەیان لوبنانیان لەتەنگەژەو قەیرانێکی گریمانکراو بوارد.

دەستنیشانکردنی سەعد حەریری تەمەن ٣٩ ساڵ بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، وەک کوڕو میراتگری ڕەفیق حەریری، یەکێکە لەو نەریتە ڕەگ داکوتاوانەی کە ساڵەهای ساڵە لەلوبناندا باوەو ئەم وڵاتەش وەک وڵاتانیتری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەشکی بەوەوەگرتوە کە کوڕو کچەکان جێگای باوکو دایکە سیاسییەکانیان بگرنەوە. هەر لەمساڵدا (٢٠٠٩) جگە لەسەعد حەریری، نائیلە توێنی تەمەن ٢٦ ساڵ، چوە جێگای جوبران توێنی باوکی کە پەرلەمانتاربوو و پێرار تیرۆرکرا، کوڕێکی گەنجی بەشیر جومەیلی سەرۆکی پێشووتری لوبنانیش کورسییەکی بردەوە لەیەکێک لەبازنە مەسیحییەکان. نائیلە معەوەزی ژنە پەرلەمانتاری مەسیحییش خۆی خانەنشین کردو لەم هەڵبژاردنەدا لەبری خۆی کوڕێکی گەیاندە نێو هۆڵی پەرلەمانی لوبنان.

سەعد حەریری کە بەپێی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری فۆربس، بایی زیاتر لە٤ ملیارد دۆلار سامانی هەیەو یەکێکە لەدەوڵەمەندەکانی جیهان لەساڵی ٢٠٠٥ یشدا، کە بەرەکەی زۆرینەی بەدەستهێنا پاڵێورا بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، بەڵام ئەوکات پۆستەکەی وەرنەگرتو سپاردییە فوئاد سەنیورەی دۆستی دێرینو وەزیری دارایی باوکی. هەر کاتێکیش کە پرسیاردەکرا بۆ ناچێتە جێگای باوکی، هەمیشە جەختی لەوەدەکردەوە هێشتا شتێکی ئەوتۆ لەئیدارەو حوکمڕانیی نازانێتو ماوەیەتی بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆک وەزیران. بەڵام وادیارە قەیرانە چڕو ئاڵۆزەکانی ئەم چوار ساڵەی دوایی ناوبراویان کردۆتە گەمەکەرێکی لێزانی سەر گۆڕەپانی سیاسی لوبنان، ئەگینا چۆن ئێستا بەوپەڕی بروابەخۆبوونەوە بەرەو کۆشکی حکومەت لەسەر گردەکەی سەرای ناوەڕاستی بەیروت دەڕوات.

لەپاش ئەوەشی کە ڕۆژی شەممە ڕاوێژە دەستورییەکان، سەعد حەریرییان وەک سەرۆک وەزیران دیاریکرد، میشیل سلێمانی سەرۆک کۆمار، ڕیسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئیتر لەم بەرەوارەوە سەعد لەپەرلەمانتارەوە دەبێتە ئەندامی یانەی سەرۆک وەزیرانەکانی جیهانو لەنێو سوننەکانی لوبنانیشدا بەهەمانشێوەی باوکی دەبێتە سەرکردەو دەمڕاست. ساڵی ٢٠٠٥ کە حەریری تیرۆرکرا، زۆرێک پێیانوابوو ئەم کوڕە قژ درێژەی کە سەکسوکەی داناوەو سیماو ڕوخساری زیاتر لەگەنجێکی بەدمەست دەچێت تا سیاسییەکی کارامەو لێزان، کێشو لێهاتویی ئەوەی نییە بەڕێگای باوکیدا بڕواتو ناتوانێت سەر لەوردەکاریی سیاسەتی ئاڵۆزکاوی وڵاتە فرەنەتەوەو فرەپێکهاتەکەی دەربکات، بەڵام سەرکەوتنەکانی لەهەڵبژاردنەکەی سەرەتای ئەم مانگەدا هەموو ئەو قسانەی کردە بڵقی سەرئاو. یەکێک لەبیرمەندەکانی لایەنگری ١٤ی ئازار دەڵێت "لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٥ دا بەهۆی خوێنی ڕەفیق حەریرییەوە بردمانەوەو لە ٢٠٠٩دا بەهۆی سەرکردایەتی سەعدی کوڕی". بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانیش سەعد حەریری، بۆ ماوەی دوومانگو لەمیانەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا ڕۆژانە لەگەڵ ٥ بۆ ١٥ هەزار کەسدا کۆبۆتەوە. هەروەها چەندین دەزگای ئەوروپیو پرۆفیشناڵی بەکرێ گرتووە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بەردەوامو ڕۆژانە ڕاپرسیی وردو بێلایەنانەی بۆ ئەنجام بدات، بێئەوەی ئەنجامی ئەم ڕاپرسییانە پیشانی کاندیدەکانی بدات نەبادا لەخۆباییبونی پێشڕەوی لیستەکەیان، یان ترسی دابەزینی جەماوەر، تووشی هەڵە یان پەشۆکانیان بکات.


سەعد حەریری

دەگێڕنەوە مانگێک بەر لەدەستپێکردنی هەڵبژاردنەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی لوبنان، ڕاوێژکاری ئیعلامیی حەریری، هانی حەمود، تکای لێکردووە ئەوەندە نەڵێت ١٤ ئازار دەیبەنەوە، بەڵام ئەو هەر سوربووەو پێیوتووە "دەیبینیت بزانە چۆن ئەیبەینەوە". بەر لەوەشی ئەنجامەکان بەفەرمیی ڕابگەیەنرێت، ناوبراو دەستیکردوە بەنوسینی بەیاننامەی سەرکەوتنو فیعلەن کە ئەنجامەکان ڕاگەیەنرا، دەرکەوت بۆتە سەرۆکی بێ ڕکابەری ٨٥٪ی سوننەی لوبنانو دەڵێن "لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا هیچ سەرکردەیەکی سوننە نەیتوانیوە هێندەی سەعد حەریری جەماوەر بۆ خۆی پەیدابکات".




# حەج لە پاریس

هۆکار زۆرە بۆئەوەی کەسێک بێتو پاریس ببینێت، بۆنمونە پایتەختی فەرەنسایە، شاری جوانییو هونەرو ئەدەبو کلتورو مێژوو و شۆڕشە. بەڵام بۆ من هۆکارێک لەهەموو ئەمانە گەورەتر هەیە لەپشت هاتنمەوە بۆ ئێرە. هاتم بۆئەوەی ئەو شارە ببینم کە کەسایەتی مەزنی ئێرانی، مامۆستای کۆمەڵناسیو مێژووی ئاینەکان، علی شەریعەتی، چل ساڵ لەمەوبەر بەسەر شەقامەکانیدا هەنگاوی هەڵهێناوە. ساڵانە زیاد لەیەک ملیۆن کەس لەهەموو گۆشەو کەنارێکی جیهانەوە بۆ ئەنجامدانی حەج بەرەو مەککە بەرێدەکەون، مەککەی منیش لەپاریسەو پێغەمبەرەکەم شەریعەتی. شەریعەتی ڕزگارکەرو ڕابەری منە. گەر بەشەریعەتی ئاشنا نەبوومایە، ئێستا خۆمو جیهانو مرۆڤایەتیم بەچاوێکی تر دەبینی. گرنگترین شوێنێک بۆی چووم باخی لوبزیغڤاتواغ بوو، کە شەریعەتی دەهات لەژێر درەختێکدا دادەنیشتو لەبیرکردنەوەو خەیاڵو فەلسەفەدا نوقم دەبوو. بە یەکەم هەنگاوم بۆناو ئەم باخە، دڵم پڕ بوو. خۆشحاڵم ئەو شارەم بینی کە شەریعەتی خۆشی دەویستو تیایدا هەزاران بیرۆکەو دیدی نوێی بۆدەریای قوڵی خۆی زیادکردو لەماوەی چەند ساڵێکدا بەمنی بەخشی. شەریعەتی دەریاییەکە بێ بنو بێ کۆتا. چەند باڵ لێبدەی بەکەنارەکانی ناگەیو چەند ڕۆ بچی بەبنی ناگەی. ئەستەمە بەرگەی شەپۆلە بەهێزەکانی عەقڵی شەریعەتی بگری کە لەهەر چرکەیەکدا هەزاران دانەیان لەدوورەوە، لەڕاستو چەپو لەپشتو لەبەرەدەمتەوە دێنو خۆیانت پێدا دەکێشن. بەڵام بەپێچەوانەی دەریاکانی دیکە، لەدەریای شەریعەتیدا هەرگیز نوقم نابیو لەبری ئەوەی ئاوی پرلەخوێ ناودەمو سیەکانت پڕبکاتو بتخنکێنێت، لەم دەریایەدا هەردەم بەهێزتر دەبیتو دڵو دەروونت پڕ دەبن لەبیرۆکەی نوێو بەئەندازەی دەریایەک دیدت بۆ ئەم جیهانە فراوان دەبێت. شەریعەتی هەڵگری ئاینێک بوو کە بەعەقڵی ساغو بیری تیژو چاوی ڕەخنەگرانەوە، لەئاینێکی کۆنو قاڵبگرتووی کردبویەوەو لەشەپۆلی خورافیاتو تەسکبیری پاراستبوویو تەپوتۆزی سەدان ساڵەی بیابانەکانی عێراقو شامو عەرەبستانی لێتەکاندبوو کە بەناوی جیهادەوە لەژێر سمی ئەسپەکانەوە بەرزدەبوویەوە بۆ ئاسمان. شەریعەتی بەناوی کەسانێکەوە دەدوا کە لەژێرباری سەنگینی بەردی مەڕمەڕدا بۆ دروستکردنی مزگەوتی بێشومارو کۆشک بۆ خەلیفەکان گیانیان سپاردووە. وەک چۆن سەلمانی فارسی لەئێرانەوەو سوهەیبی ڕۆمی لەڕۆژئاواوە بەرەو حیجاز بەڕێکەوتن بۆ پێشوازیکردن لەئیسلام، منیش دە هەزار ئەوەندە، بەڕۆژو شەو، بەگەرمای هاوینو سەرمای زستان ڕێمبڕیوە بۆ گەیشتن بەشەریعەتی. شەریعەتی پێغەمبەرێک بوو کە تەنها بۆ ئاینەکەی خۆی بانگهێشتی نەکردم، بەڵکو بەپێچەوانەوە ناچاری کردم چاو بکەمەوەو بەیەکسانی نرخو بەهاو ڕێزی سەرجەم باوەڕەکانی تر بگرم. هەرگیز نەمدیوە کەسێک خۆی هەڵگری ئاینێک بێتو لەهەمان کاتدا سەدان بەڵگەت دەربارەی جوانیو پڕمانایی ئاینەکانی دیکە بداتێ. گەر شەریعەتی نەبوایە، من چۆن بزانم ئەو پەرستگایەی لەهیندستان لانەی مشکو مارو گایە، ئەو ئەشکەوتەی لەئوستراڵیا پێش دە هەزار ساڵ وێنەی ئاژەڵی تیا هەڵکۆڵراوە، ئەو باڵندانەی لەگۆشە دوورەکانی مەکسیک لەدار تاشراون، ئەو ئاگرەی لەپەرستگایەگی زەردەشتیدا دەگڕێ، ئەو پەیکەرەی بوزا کە لەتایلەند خەڵک لەبەردەمیدا کڕنوش دەبەن، ئەو کەنیسەیەی عیسای تێدا لەخاچ دراوەو ئەو سینەگۆگەی جولەکەکان تیایدا شەموو دەگرن، لەگەڵ مزگەوتەکانی ئیسلام یەکسانو هەموومان بەدوای یەک خوادا دەگەڕێین.

ayub@warnewsradio.org